زمانی دایك لە تاراوگە

لە نێوان ئاڵۆزی دوو ناسنامە و دوو چاوەڕوانیدا

جەودەت سۆفی

٣-١

کوردانی تاراوگە هەر لە سەرەتای گەیشتنیان بۆ ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین هەوڵیان داوە کۆرسی زمانی کوردی بۆ منداڵەکانیان دابین بکەن. ئەمەش چ لە ڕێگەی کۆمەڵەی کولتووری و چ لە ڕێگەی هەوڵی کەسێتی و چ لە چوارچێوەی پرۆگرامی هاندانی زمانی دایك لەلایەن دامودەزگا فەرمییەکانی وڵاتە پێشوازیکەرەکانەوە. بەڵام ئەوا چەند ساڵێکە، خۆشبەختانە، خەریکە جموجۆڵێکی تر کەوتۆتە نێو دیاسپۆرای کوردییەوە و چەمکی زمانی دایك خەریکە دەچێتە قۆناغ و ئاستێکی تر. ئەوەی ڕەچاو دەکرێ ئەوەیە کە جگە لە گرنگی دان و کار کردن بۆ بنیاتنان و بەهێز کردنی پەیوەندی نێوان کوردەکانی هەر چوار پارچەکە لە دیاسپۆرا، کاربەڕێکەرانی کۆنفێدێراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی وادیارە کە هەستیارن و درکیان بەوەش کردووە کە زمان ئامرازێکی بنەڕەتییە لە کەرەستەکانی بنیاتنانی ناسنامەی کوردی. بۆیە هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە، گرنگی بە زمانی دایکی منداڵانی کوردی دیاسپۆرا دەدەن. بۆ ئەوەش هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ ڕێکخستنی کۆرسی زمانی کوردی بۆ منداڵان ڕاستەوخۆ و بە ئۆنلاین بە هەردوو زارەکانی کرمانجی و سۆرانی. چەند مامۆستایەکی دڵسۆزیش بە خۆشبەخشانە ئەو کارە گرنگ و پیرۆزەیان گرتۆتە ئەستۆی خۆیان و ڕۆڵی پیرۆزی مامۆستایی خۆیان دەگێڕن. هەڵبەتە پێشتر دەیان کۆمەڵەی کولتووری کوردی لە دەرەوەی وڵات ئەو هەوڵەیان داوە و چەندان کۆرسی زمانی دایکیان بۆ منداڵانی کورد ڕێکخستووە. بەڵام بەداخەوە بە پچڕ پچڕی و تا ڕادەیەکیش بێ چوارچێوە بووە. ئەو جیاوازیەی کە لە پڕۆژەی ناوەندی دایسپۆرای کوردستانی-دا بەدی دەکرێ بریتییە لە نیەت و هەوڵ و

شـێوازێکی جیـاواز لـە جـاران. جیـاوازە سـەرەکیەکەش لـە گوتـاری ئـەم ڕێکخـراوەدا هەسـتی پێـدەکرێ، بەتایبـەتی لـە باسـی لـۆبی کـوردی لـە دیاسـپۆرا. هەڵبەتـە ئـەم گوتـارە هەڵگری هەواڵێکی دڵخۆشکەرە .

بۆیـە ئـەوەی کـە مـن لێـرەدا دەمـەوێ لەسـەری بوەسـتم، پێشـنیازی چەنـد پرسـیارێکی بنـەڕەتی و چارەسـازخوازە لـە ڕێگـەی هەنـدێ بۆچـوون و بیرکردنـەوەی جیـاواز دەربـارەی ئـاڵۆزی چـەمکی زمـانی دایـك لـە تاراوگـە بـۆ کاربەڕێکـەران و مامۆسـتایانی دڵسـۆزی زمـانی کـوردی بـۆ هـەنگاونان بـەرەو گۆشـەنیگایەکی جیـاواز و تێگەیشـتنێکی جیـاواز بـۆ وانـە گوتنـەوەی زمـانی کـوردی لـە دەوروبـەرێکی جیـاوازدا کـە تاراوگەیـە. واتـە لـە بـەرچاو گرتنـی تایبەتمەنـدێتی تاراوگـە وەکـو چوارچێـوە و دەوروبـەرێکی ئـاڵۆز بـۆ منداڵانی کـورد. پرسـیارە سـەرەکیەکەش بریتیـە لـە، ئایا گوتنـەوەی وانـەی زمـانی کـوردی چ تایبەتمەندیـەکی هەیـە لـە تاراوگـەدا؟ هاوکـات کۆمەڵێـک پرسـیاری لـەوەکیش دەوروژێنـین وەک، ئایـا پەیوەنـدی هەیـە لە نێـوان زمـانی دایـك و ناسـنامە؟ ئایـا منـداڵان و لەوانی کـورد لـە تاراوگـە، گرفتـی تایبـەتیان هەیـە لـە بنیاتنـانی ناسـنامەیان؟ ئایـا مامۆسـتایانی کـورد لـە تاراوگـە، تـا چ ڕادەیـەك دەبێـت ئـاڵۆزی دەوروبـەری تاراوگـە لـە مێتـۆد و نـاوەڕۆکی وانـە گوتنەوەیانـدا ڕەچـاو بکـەن؟ لـەو نووسـراوە کورتکراوەیـەدا، لـە سێ ڕوانگەوە بچینە ناو باسەکەوە، کە ئەمانەن :

یەکـەم ڕوانگـە: زمـان جگـە لـەوەی ئـامرازی پەیوەنـدییە لەنێـوان منـداڵ و خێـزانەکەی و کولتـوور و کۆمەڵگـاکەی، کەرەسـتەیەکی بنەڕەتیشـە بـۆ پێکهێنـانی ناسـنامەی کـەسیی و کولتـووری (ئێتنیـی، نیشـتیمانیی، نەتـەوەیی، ڕۆحـانیی، هتـد). چونکـە زمـان هـەڵگری هەسـت و بـەهاکانی خێـزان و گرووپـەکانی دەوروبەریشـە. واتـە منـداڵ سـەرەتا لـە ماڵـەوە و دوایـیش لـە قوتابخانـە و لـە نێوکۆمـەڵگادا هەسـتکردن بـە بـەهاکان و تێنۆڕینـەکان بـۆ ژیـان دەسـت پـێ دەکـات، کـە درەنگتـر دەبـن بـە بەشـێك لـە کەسـایەتی و بنیاتی دەروونی و جیهانبینی ئەو.

دووەم ڕوانگـە: تێبینـی کـردن لـە بـارو دۆخـی منـداڵی کـورد لـە تاراوگـە، کـە تیایـدا ناسـنامەی خـۆی بنیـات دەنـێ، تایبەتمەندێتییـەکی ئـاڵۆزی هەیـە و کـارکردن لەگـەڵیان لـە

بـواری زمانـدا پێویسـتی بـە ڕەچـاو کردنـی ئـەو خاڵـە گرنگانـە هەیـە کـە وابەسـتەن لـە لایەکـەوە بـە کاراکتـەری دۆخـی منداڵی کـورد لـە نێـوان دوو کولتـوور و دوو جیهانـدا و لەلایــەکی تریشــەوە بــە چــاوەڕوانی نیشــتیمانپەروەران و ئینتیلیجێنســیای کــورد لــەو منداڵانــە کــە لــە داهــاتوودا بــبن بــە لۆبیــەکی بــەهێزی کــورد لــە دیاســپۆرا بــۆ بەرەوپێشبردنی پرسی نەتەوایەتیمان.

سـێیەم ڕوانگـە: هـەوڵی پاراسـتنی زمـانی دایـك وەکـوو بەردەوامیـدان بـە مانـەوەی ناسـنامەی نەتەوەکـەمان کـە لـە ژێـر هەڕەشـەدایە، چـاوەڕوانی ئێمەیـە لـە منداڵـەکانمان لـە تاراوگـە کـە ئـەو ئامانجانـە بەدەسـت بهێـنن و بـەردەوام بـن لەسـەر ئـەو ڕێگایـە کـە ئێمـە چەندین نەوەیە لەسەری دەڕۆین و لە خەبات داین، کە پرسی نەتەوەییمانە.

چــوارەم ڕوانگــە: وەسـتان و تێـڕوانین لـە توانـای پرسـیارکردنمان لـە نـاوەڕۆك و لـە مێتـۆدی کـارکردنی پـەروەردەییمان بـۆ بـەهێزکردنی هەسـتی نیشـتیمانی و نەتـەوەیی لــەلای منــداڵانی کــورد لــە تاراوگــە لــە ڕێگــەی زمــانی دایکــەوە. لــە کاتێکــدا، زۆربــەیان لەدەورووبـەرێکی خێزانیـدا لـە دایـك بوونـە کـە تاڕادەیـەك بوونەتـە هـەڵگری هەسـتە نارەحەتــەکانی نائومێــدی و ڕق وکینــەی دایــك و باوکیــان بەرامبــەر بــە دووژمنــی دەرەکـی. هـەروەها، بەرامبـەر بـە کرمـی نـاوەکیش (دووبـەرەکی نـاوخۆیی و گەنـدەڵی، هتــد). زۆر لـــەو منداڵانـــە گوێیـــان کراوەتـــەوە بـــە ڕســـتە ئاســـاییبووەکان و ژەنگهـەڵگرتووەکان وەکـوو: "کـورد دوا کـەوتووە"، "کـورد خائینـە" "کـورد قـەت نـابێ بـە هـیچ"، هتـد. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو دایـك و باوکانـە چـاوەڕوانن لـە منداڵـەکانیان کـە لە داهاتوودا ببن بـە "کـوردی بـاش و دڵسـۆز" و هـەڵگری بـەهاکانی ئـەوان. بـەڵام ئایـا تـا چ ڕادەیـەك ئێمـە ئاگاییمـان هەیـە لـەوەی کـە لەلایـەکی تـرەوە ئـەو منداڵانـە، وەکـوو هـەموو منـداڵانی ڕۆژئـاوا، بـە کۆنسـێپتێکی بنـەڕەتی پـەروەردە کـراون کـە بنیـاتنراوە لەسـەر دوو بـەهای سـەرەکی: یەکـەمیان بریتییـە لـە جـۆری پەیوەنـدی نێـوان منداڵ و گەورەسـاڵ، کـە تیایـدا منـداڵ لـە هـەمان ئاسـتی گەورەسـاڵدایە. دووەم بـەها بریتییـە لـە پـەروەردەی منداڵ لەسـەر بنـەمای تاکگـەرایی. واتـە تـاك و مافـەکانی تـاك وەکـوو بـەهای هـەرە باڵا لـە

سەرووی گرووپ و کۆمەڵ و نەتەوە. هەڵبەتە دوایی دێینەوە سەر ئەو دوو خاڵە بنەڕەتی و گرنگانە.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو چوار خاڵانەی سەرەوە، هەوڵ دەدەین سیفەتێك بدەین بە تایبەتمەندێتی گرنگی زمان بۆ منداڵانی کورد و ئەو ئاڵۆزیانەی کە لە تاراوگەدا دەبێت لە مێتۆدی وانە گوتنەوە و ناوەڕۆکی وانەکاندا زۆر بە وردی لە بەرچاو بگیرێن. لە کۆتاییشدا چەند پرسیارێکی ستراتیجی پەروەدەیی دەورژێنین بۆ ئەوەی مامۆستایانی بەڕێزی زمانی کوردی لە دیاسپۆرا کە ئەو ئەرکە پیرۆزەیان گرتۆتە سەر شانی خۆیان، بتوانن هەڵسەنگاندن بکەن بۆ تایبەتمەندێتی و ئاڵۆزی کردەی (فێرکردنی زمانی کوردی بۆ منداڵانی کورد لە تاراوگە) وەکوو لایەنە دیارەکەی (ئاگایی). لە هەمان کاتیشدا هۆشیار بن لەلایەنە ناڕەستەوخۆکانی ئامانجەکانی ئەو پرۆژەیە، کە لایەنە شاراوەکەیەتی (نائاگایی)!

واپێدەچی کە زمان وەکوو هەستی سەربوون (ئینتیما)، پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەبێ بە ناسنامەوە. ئەمەش ناچارمان دەکات کە لە هەمان کاتدا وەکوو دوو بابەتی بەیەکەوەگرێدراو لە ڕووی سۆسیۆلۆجی و دەروونی و فەلسەفیشەوە باسیان بکەین و کاریان لەگەڵدا بکەین. بۆیە سەرەتا پێشنیازی ئەوە دەکەم کە هەندێك لەسەر چەمکی زمان بوەستین و دوایش دێینە سەر چەمکی ناسنامە بۆ ئەوەی باشتر لە میکانیزم و دیالیکتیك و کاراکتەری تێکهەڵکێشراویان تێبگەین .

## ڕۆڵی زمان

بێگومان هەروەکوو پێشتر باسمان کرد، زمان ڕێگە بە تاکەکان دەدات کە بیرکردنەوەکانی خۆیان دابڕێژن و دەرببڕن، چونکە وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە چۆنیەتی تێگەیشتن و کارلێککردنمان لەگەڵ جیهانی دەوروبەرمان. بۆیە بە گرنگی دەزانین کە لێرەدا چەند خاڵێکی سەرەکی سەبارەت بە

دیـالیکتیکی زمـان و بیرکـردنەوە و بینینـەکانمان بـۆ دنیـا لـە ڕێگـەی زمانـەوە بخەیـنە ڕوو.زمان، وەك ئامرازی دەربڕینی بیرۆکەکان:

زمـان ڕێگەمـان پێـدەدات کـە بیـری ئـاڵۆز دابڕێـژین و هەسـتەکان دەرببـڕین. لە ڕێـگەی وشـەوە دەتـوانین بیرکـردنەوە و ئـارەزوو و نیگەرانییەکانمـان بخەیـنە ڕوو، بەم شـێوەیە ئـاڵوگۆڕکردن لەگەڵ ئەوانـی دیـکەدا ئاسـان بکەیـن. بـەڵام زمـان جگـە لـەوەی کـە ئـامرازە بـــۆ پەیوەنـــدیکردن، کـــاریگەریی لەســـەر شـــێوازی بیرکردنەوەشـــمان هەیە. شـــێوازی دەســـتەواژەکردنی بیرکردنەوەکانمـــان دەتوانێـــت کـــاریگەریی لەســـەر تێبینیکـــردن و تێگەیشـــتنمان هەبێـــت بـــۆ شـــتەکان. هـــەر ئەوەشـــە کـــە ئاراســـتەی هەســـت و گوتـــار و کردارەکانمان دیاری دەکات .

بیرکـــردنەوەی ئەبســـتراکت: زمـــان ڕێگەمـــان پێـــدەدات بە شـــێوەیەکی ئەبســـتراکت بیـــربکەینەوە. توانـــای بیرکردنەوەمـــان لەو چەمکـــانەدا پـــێ دەبەخشـــێت کە یەکســـەر ئامـادە نـین یـان بەرجەسـتە نـین، وەک بیـرۆکەی فەلسـەفی، گریمـانە، یـان پلاـن دانـان بـۆ داهاتوو، هتد.

کـارلێکی کۆمەڵایەتی: زمـان ئـامرازێکە بـۆ دروسـتکردن و بـەهێز کردنـی پەیوەنـدی کۆمەڵایەتی. ئـاڵوگۆڕی زارەکـی ڕێگەمـان پێـدەدات ئەزموونەکـان هـاوبەش بکەیـن و پەیوەنـدی دروسـت بکەیـن و تێگەیشـتن لـە یەکتـر پەرەپێبـدەین. ئەمەش پەیـکەری کۆمەڵایەتی بەهێز دەکات و یارمەتی لەیەکترنزیکبوونەوە و هاوکاریکردن دەدات.

گەشـــەی مەعریفـــی: بـــۆ منـــداڵ فێربـــوونی زمـــان پەیوەســـتە بە گەشـــەکردنی مەعریفییـــانەوە. ئەمـــەش لەگەڵ بەدەســـتهێنانی وشـــە و پێکهـــاتەی نـــوێ و توانـــای بیرکـردنەوە و تێگەیشـتنیان لە جیهـان دەگۆڕێـت. بەم شـێوەیە زمـان دەبێـتە ڤێکـتەری فێربوون و دۆزینەوە و داهێنان.

زمـــانی نـــاوەوە: زۆرێـــک لە دەروونناســـەکان هـــاوڕان لەســـەر ئەوەی ئـــێمە زمـــانێکی ناوەوەمـان هەیە، کـە جـۆرێکە لە دیـالۆگی نـاوەکی و یارمەتیمـان دەدات بـۆ ڕێکخسـتنی

بیرکردنەوەکانمان. لەم بارەیەوە ئێدگار مۆران دەڵێ: "زمانی ناوەوە بۆ بیرکردنەوەی مەعریفی و ئاڵۆز و ڕەخنەگرانە و بڕیاردان زۆر گرنگە."

وەکوو بینیمان زمان لە تەنها ئامرازێکی پەیوەندیکردن زۆر زیاترە ؛ ئامرازێکی بەهێزە کە بیرکردنەوەمان لە قاڵب دەدات، کاریگەری لەسەر تێڕوانینمان بۆ جیهان هەیە و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانمان دەوڵەمەند و ئاڵۆز دەکات. بۆیە ڕۆڵ بینینی زمان لە گەشەسەندنی مەعریفی و بنیاتنانی بیرۆکەکانماندا دەبێتە توخمێکی ناوەندی ئەزموونی مرۆڤ و ئەوەش دەبێتە توخمێکی سەرەکی لە پێکهاتەکانی هەستی ناسنامەی کەسی و کولتووری نەتەوەیی، نیشتیمانی، سیاسی، ڕۆحانی، هتد، کە دواتر دێینەوە سەری.

گۆشەنیگای فەلسەفەی زمانەوانی

بەڕێز لەتیف عومەر، لە ماڵباتی ڕەوەند، بابەتێکی کورت و گرنگی بڵاو کردۆتەوە لەژێر ناوی "خۆت لەبیرمەکە"، تیایدا لە سەر زاری ڤۆڵتێر و پێم وابێ نیچەوە دەڵێ: "بۆ ئەوەی هەمیشە خۆت لە بیر بێت بیرکەرەوە ، پێویستیت بەچییە لە بوونی خۆتا تا بتوانی ونبووەکانی زاتی خۆت بدۆزیتەوە لە بوونی ناوەوەتدا، بۆ ئەمە پێویستە لێکۆڵینەوە لە خودی خۆت سەرچاوەی تێگەیشتنت بێت. نێگەتیڤەکان لەمەڕ هەڵسوکەوت و فیکر و بۆچوونەکان توێژینەوەی بوونی خۆتی گەرەکە بۆ ئەوەی دەرئەنجام خۆت بدۆزیتەوە تۆ کێی؟ لەناو تۆیا چی هەیە، چی نهێنییە، چی هەیە ئاشکرایە؟"

بێگومان مەبەست لە ناسینی خۆ واتە ناسینی بیرکردنەوە و گوتار و هەڵسوکەوتی خۆ، کە ڕاستەوخۆ یارمەتیت دەدەن بۆ ناسینی ناسنامەی کەسیی و کولتووری خۆت. بۆ ئەوەی خۆت بدۆزیتەوە کە تۆ کێیت، ئەوا دەبێ هۆشیاری پەیدابکەیت لە کەرەستە شاراوەکانی ناوەوە و قووڵیی خۆت کە ناسنامەت پێك دەهێنن. بۆیە بە گرنگی دەزانین کە دوایی بێینە سەر بابەتی ناسنامە، بە تایبەتی بنیاتنانی ناسنامەی

کەسیی لە تاراوگەدا. چونکە لە یادمان نەچێ کە زمان هێمای سەرەکی ناسنامەیە؛ چونکە لەلایەن قسەکەر بەکاردەهێنرێت بۆ نیشاندانی ناسنامەی خۆی. هەروەها تاکەکان بەکاری دەهێنن بۆ پۆلێنکردنی هاوتەمەنەکانیان بەپێی ئەو زمانەی کە قسەی پێدەکەن. وا پێدەچی کە هەموو مرۆڤێک سەر بە چەند گرووپێکی کۆمەڵایەتییە و خاوەنی چەندین ناسنامەی کۆمەڵایەتییە.

شتێکی ڕوونە کە زمان بۆ دەستووری شوناسێکی بەکۆمەڵ پێویستە، کە گەرەنتیە بۆ یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی کۆمەڵگەیەک. زمان شوێنی بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە کە بەهۆیەوە دەبێتە شوێنی چنینی کولتوورسازی زمانەوانی. ئەمەش هێماسازیی ناسنامەی تێدا بنیات دەنرێ. هەروەها ڕوونە کە زمان لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکات، هاودەنگی لەگەڵیدا دروست دەکات، ناسنامەمان خۆی لە مێژووماندا نوقم دەکات و لە ئەنجامیش داوا دەکات کە هەمیشە پەیوەندیمان بە نەوەکانی خۆمانەوە بمێنێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توێژەرەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پەیوەندی نێوان زمان و ناسنامە پەیوەندیەکی زۆر ئاڵۆزە ، چونکە زمانی ئاخاوتن تەنها ئامرازی پەیوەندی و ڕاگەیاندن نییە، بەڵکو بەستراوەتەوە بە چەمکی زمانەوانیش کە کۆمەڵێك کۆد و سیمبولی شاراوەی گرووپێك و مێژوو و بەسەرهاتەکانی گرووپەکە دەگرێتە خۆی. بۆیە ڕەنگە پێویستمان بە جیاکردنەوەی زمان لە کولتوور بێت. بۆ نموونە، کاتێك کوردێك لە کوردستان فێری زمانی ئینگلیزی یان فەرەنسی دەبێت، ئەوا مانای ئەوە نییە کە فێری کولتووری ئینگلیزی یان فەرەنسیش دەبێ. بۆ ناسین و تێگەیشتن لە کولتووری نەتەوە و وڵاتێکی تر، تێکەڵ بوون و قبووڵکردن و بە ناوەوەکردنی بەهاکان لە ڕێگەی ژیان لەناو کولتوورەکەدا پێویستن.

لودڤیك ڤیتیگنشتاین کە فەیلەسوفێکی زمانەوانی سەدەی بیستەمی نەمساییە، پێی وایە کە "سەرەڕای بیرۆکە چەسپاوەکان سەبارەت بەو ڕۆڵەی کە زمانێک دەتوانێت بیگێڕێت لە پێوەندیدا لەگەڵ ناسنامەی کۆمەڵایەتی گرووپێك، نابێت ناسنامەی زمانی لەگەڵ ناسنامەی گوتار و ئاخاوتندا تێکەڵ بکرێت. ئەمەش بەو مانایە دێت کە

تـەنها زمـان نیـیە کە ڕەنگـدانەوەی تایبەتمەنـدییە کولتوورییەکـانە، بەڵکـو گوتـارەکەیەتی یــان ئاخاوتنەکەیــەتی پێــی. واتــە، وشــەکان نــە لە مۆرفۆلۆجیایانــدا و نە یاســاکانی ڕستەســازیی (ڕێزمــان) هەڵگــری کولتــوورن، بەڵکــو شــێوازەکانی قســەکردنی هەر گرووپێــك و ڕێبازەکـانی بەکارهێنـانی وشـەکان و چـۆنیەتی و جـۆری ئارگومێنتـەکان و گێڕانەوەکـان بـۆ موناقەشـەکردن و بـۆ گـاڵتەکردن و بـۆ ڕوونکـردنەوە و ڕازیکـردن و بـۆ ڕاکێشـانی ئـەوی تـر دەبـن بـە هـەڵگری کولتـووری ئـەو گرووپـەی کـە بـەو زمانـە بیـر دەکەنەوە و دەئاخڤن و هەڵسوکەوت دەکەن."

بۆیـە دەکـرێ بیرکـردنەوە بە زمـانی کـوردی، لە بیـری عـەربی و فەرەنسـی و ئیسـپانی و پورتوگــالی جیــا بکەیــنەوە. دەتــوانین فــۆرمێکی بیرکــردنەوە دەرببــڕین، واتە قسـەکردنێک، بە زمـانێکی تـر، تەنـانەت ئەگەر ئەم زمـانەی دیـکەش هەنـدێک کـاریگەری لەسـەر ئەم بیرکردنەوەیـە هەبێـت. هەمـوو ئەو نووسـەرانەی کە ڕاسـتەوخۆ بە زمـانێکی تـر بۆچـوونی خۆیـان دەربڕیـوە کە زمـانی دایکـی خۆیـان نیـیە، بەڵـگەی زینـدوون بـۆ ئەم بۆچوونــە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بیرکــردنەوە، لە ڕێــگەی گوتــارەوە ئاگــادار دەکــرێتەوە! گوتــاریش، واتــە زمانێــك، لەگەڵ تایبەتمەندییــەکانی قســەپێکردنی کــە بریتییــە لــە جیهــان بینــین. ئەمەش پەیوەســتە بە خــوو و دابونــەریتی کولتــووری ئەو گـرووپەی کە ئەو کەسـەی قسـە دەکـات یـان دەنووسـێت کـە سـەر بەو گـرووپەیە، یـاخود هەستی ئینتیمای بۆ ئەو گرووپەیە.

لودڤیــگ ڤیتگنشــتاین، لە ڕێــگەی دوو بەرهەمە ســەرەکییەکەیەوە، کە بــریتین لە تراکتــاتۆس لۆجیکــۆ-فەلســەفیکۆس و لێکــۆڵینەوە فەلســەفییەکان، کــاریگەرییەکی قــووڵی لەســەر فەلســەفەی تێگەیشــتن لە زمــان و زمانــەوانی دانــا. لە "تراکتــاتۆس"دا پێشــنیاری ڕوانگەیەکمــان بــۆ دەکــات بــۆ زمــان وەک ئــامرازێکی ســتراکتەری (ســتراکتوراليزم) بـۆ وێنـاکردن و دەربڕینـی واقیـع. ئەو دەڵێـت زمـان جـۆرێکە لە وێنـە، کە ڕەنگــدانەوەی ڕاســتییەکانی جیهــانی تاکــە کەســە. بــەڵام بە بــڕوای ئەو، گەڵـدڵە زمانەوانییەکــان کاتێــک مانایــان هەیە کە بتوانرێــت بە ڕاســتییە ئەزموونییەکــان پشتڕاســت بکــرێنەوە. ئەم ڕێبــازە زۆرجــار بە دەســتەواژە بەناوبــانگەکەی کــورت

دەکـــرێتەوە: "ســـنووری زمـــانەکەم بە واتـــای ســـنووری دنیـــای مـــنە". لەبـــەر ئـــەوە، ڤیتگنشـــتاین لە "لێکـــۆڵینەوە فەلســـەفییەکانی زمانەوانیـــدا، ڕوانگەیەکـــی جیـــاواز دەگـرێتەبەر و ڕەخـنە لەو بیـرۆکەیە دەگرێـت کە زمـان تەنیـا ئـامرازێکە بـۆ دەربـڕین. بۆیـە دوای لێکۆڵینەوەیـەکی زۆر کـە چەنـد سـاڵی خایانـد و تیـۆر و بۆچوونـەکانی پێشـووتری خـۆی خســتەوە ژێـر پرسـیار، ڤیتگنشـتاین هـات چەمکـی "یارییەکـانی زمـان"ی پـەرە پێـدا، کـە تیایـدا جـەخت لـە بیرۆکـەی ئـاڵۆزی پشـت و بـن و تەنیشـتی وشـەکان دەکاتـەوە و پێـی وایـە کـە مانـای وشـەکان بـە گـوێرەی بەکارهێنانیـان لە چوارچێـوەی جۆراوجـۆردا دەگۆڕێـــت. بەم شـــێوەیە زمـــان وەک چاڵـاکییەکی کۆمەڵـایەتی ســـەیر دەکرێـــت، کە ماناکان لە کارلێکەکانی مرۆڤ و پراکتیزە کولتوورییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت .

بە کـــورتی، زمـــان لـای ڤیتگنشـــتاین، هەم ئـــامرازێکە بـــۆ وەســـفکردنی جیهـــان و هەم ئـــامرازێکی دینـــامیکییە کە لەگەڵ پراکتیـــک و کارلێکەکانمانـــدا لەگـــەڵ دەوروبـــەر پەرە دەسـتێنێت و گۆڕانکـاری بەسـەردا دێـت. ئەم دوو پرەنسـیپە ڕێگـای نـوێی بـۆ فەلسـەفەی زمـان کـردۆتەوە و بەردەوامە لە کـارلێکردن لەسـەر بیـری هـاوچەرخی ڕۆژاوایـی لـە زانستی زمانەوانیدا.

بێگومـــان، بۆچـــوون و شـــیکردنەوە فەلســـەفییەکانی ئێـــدگار مـــۆران و بـــە تایبـــەتیش ڤیتگنشـتاین کـە لـە سـەرەوە خسـتماننە ڕوو، ڕەنگـە یارمـەتیمان بـدەن بـۆ باشـتر بینـین و تێگەیشـتن و باشـتر شـیکردنەوەی ناسـنامەی لـای کـورد لـە تاراوگـە. ئەمـەش لەوانەیـە هاوکاریمـان بکـات بـۆ گرتنەبـەری مێتـۆدێکی زانسـتی و کاریگـەر بـۆ ڕاهێنـانی لـاوانی کـورد بـۆ دروسـتکردنی لۆبیـەکی کـوردی بـەهێز و کاریگـەر لـە تاراوگـە، لـە ڕێگـەی وانـەی زمانی دایکەوە .

ماویەتی